گه نالّی ئاسمانی

MAHABAD TV

MAHABAD TV

دیاریه گی به نرخ بۆ کوردستانیانی ئازادی خوازی نیّو دۆزه خی کۆماری ئیسلامی .

. . . . . سمکۆ مه لا . . . . . .

هاو نیشتمانیانی من له ئێران، به تایبه ت کوردستانیانی گیرۆده ی سنووره پیرۆزکراوه کانی کۆماری ئیسلامی، بیست و شه ش ساڵه که به یانیان له گه ڵ نه ڕه ی مزگه وته کاندا به ئاگا دێن. بیست و شه ش ساڵه که ڕۆژگاریان له دۆزه خی شه ریعه تدا ده سوتێنن. بیست و شه ش ساڵه که هیوا گه شه کانی ئێوارانیشیان، له ترسی ڕاوه دوو نان و ڕاپێچ کردنیان بۆ قه سابخانه کانی ده زگای خوێناوی ئیتیلاعات، خۆیان ده ده نه ده ستی شه وه زه نگ.

کاتێک که گه ڕامه وه بۆ ئێران ، له ته وا وی ئه و ماڵانه ی که به ترسه وه ده یان گرتمه خۆیان، دیمه نی کۆ بوونه وه ی خێزانیی ئێوارانی به رده م ته له فزیۆن، له هه ر دیارده یه کی تر زیاتر سه رنجی ڕاده کێشتم. ته له فزیۆ نێکی خه مگین. وام هه ست ده کرد که دیمه نه کانی به رده وام و چوار وه رزه ی ساڵ ڕه ش پۆش و تازیه بارن. ڕه ش وه ک هزری تۆقێنه ری فه نده مه نتالیزمی ئیسلامی.

که به شا ره کانی کۆماری **الله** دا تێده په ڕیم تێ ده گه یشتم که بۆچی مرۆڤی ئازاد له به هه شته زێڕینه که ی موحه مه دیشدا دڵشاد نابێت.

له به دبه ختی ئازادی خوازه کوردستانیه کان، هاتنی تیرۆریستێکی به وه فای قوتابخانه ی شه ریعه ت بۆ سه ر پۆستی سه رۆکایه تی له تاران، هێنده ی تر وڵاتی نغرۆی بێ ئومێدی کرد. ئه و گۆڕانکاریانه زه نگی ئاینده یه کی زۆر مه ترسی دار لیده ده ن. دوور نیه که به خێرایی گه لانی ئێران ڕاپێچی ناو جه ره یانێکی کاره سات خوڵقێن بکرێن.

گه لی کوردستان له ئێران. ئه مرۆ له هه ر کاتێکی تر زیاتر پێویستیان به هۆشیار کردنه وه هه یه. به تایبه ت که ئه وان جگه له ده زگاکانی ڕۆژهاگه نده ی ئیسلامیی سه ر به ده وڵه ت، هیچی تر شک نابه ن بۆ زانیاری وه رگرتن و به ئاگا بوون له ڕه وتی ڕووداوه کان. به کارهێنانی سا ته لیته کان له و وڵاته دا هیشتایش عاقیبه تی زیندانی کردن و ئه شکه نجه دان و ده ردی سه ری و غه رامه خستنی لێ ده که وێته وه. گوێگرتن له ڕادیۆ کوردیه کانیش، که به رده وام له ژێر کاریگه ری ته شویشی ده زگاکانی ڕژێمی ئیسلامیدان، هه مان چاره نووسی ڕه شی ده بێت.

له واقیعێکی وه هادا، به تایبه ت که گه له کوردستانی عێراق سێ که نالّی سا ته لیتی کوردی و گه له کوردستانی تورکیا له دووره وه دوو که نالّی ئاسمانی له خوزمه تیاندایه، هه قی خۆیه تی که ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی –دژ به ڕژێمی ئیسلامیی ئێران– هه وڵی جیدی بده ن له دا مه زراندنی که نالّیکی ته له فیزیۆنی ئاسمانیدا. که په خشه که ی ڕاسته وخۆ بگاته نێو هه موو مالّێکی کوردان له کوردستانی ئێراندا، به بێ به کار هێنانی ده فری سا ته لیت –پارابۆل– که له ئێراندا یاساکه.

پێم وایه که که نالّێکی له و چه شنه ڕۆڵی مه زن له یه ک خستنی تواناکانی گه له کوردستاندا له خه باتیان دژ به ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا ده گێڕێت. به مه رجێک که نه بێته زمان حاڵی تاکه پارتێکی سیاسی.

جوانترین ناوێک که شایانی یه که م که نالّی ته له فزیۆنی ئاسمانی کوردستانی ڕۆژهه ڵات بێت، به ڕای من **مه هاباده**.

مه هاباد وه ک یه که م کۆماری کوردستان .

مه هاباد وه ک پایته ختی ئاینده ی کوردستانی ئێران.

مه هاباد وه ک MAHABAD TV هه ڵگری مه شخه ڵی ئازادی.